کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-4-2007 14:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## برادەرانی مەڵبەند وەک خۆتان هیچتان لە هەگبەدا نیە لێگەڕێن خەڵێکی ببێتە قایمقام بتوانی خزمەتێکمان بکات ... ئاکۆ زەنگەنە

هەڤاڵان ئێوەیستافی مەڵبەند زۆرتان خەڵی ئەم شارە نین و مێوانن و میوانیش قەدری لای خۆیەی. و زۆر لا و خەڵکان هاواریان لەو مەسەلە کرد. خۆتان دەزانن بیرۆکەی کردنی هەر قەزایەك بە مەڵبەند بۆ زیاتر خزمەت کردنی ئەو قەزایە بووە و ئەو مەڵبەند بۆ ئەوە بوو کە بە تەوای هاوکاری حکومەت و خەڵك بێت لە گەیاندنی خزمەت بە خەڵکی ئەو شارە. بە لاّم مەڵبەندی کفری بە تەواوی پێچوانەی ئەو بەرنامانەی هەڵبژاردنەکان بوو و خۆشتان دەزانن بۆ وا دەڵێم!دەبوو بەرپرس و جێگر و کارگێر و ئەندام و پێشمەرگە و کارگوزاری ئەو مەڵبەندە خەڵی کفری بوایەن بەلاّم وا نەبوو. ئەمەشمان تا رادەیەك بە نەوەدڵیش بێت قبوڵە بە مەرجێك ئێوە بتوانن کە زۆر بە گومان لە تواناکانی ئێوە لە خزمەتکردنی ئەم شارە وێران و کاولە دا.

لێرەوە حەزەکەم بچمە سەرباسێك (دانانی قایمقام) کە ئێوەی ستافی مەڵبەند بە تەواوی خۆتان پێوە سەرقاڵ کردووە و هەموولی ئەوە دەدەن کە کەسێك بکرێت بە قایمقامی کفری کاندیدی خۆتان بێت و بە ئیعزتان کار بکات کە ئەمە بە تەواوی ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی شار و خەڵکی شاریش چ لە رووی کۆمەلاّیەتییەوە چ لە رووی خزمەتگوزارییەوە... هتد لەبەر ئەوەش وادەڵێم کە ئێوە کەسانێکتان کاندید کردووە و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکتان بۆی بە گر خستووە کە هیچی لە بارتا نیە و بێ ئەزموون و لە خۆبایی و خۆبەشت زان و کەسێکە کە حەزی دەکەوتن و پۆز لێیانی هەیە بەلاّم لێتان ناگرم بیرم کەوتەوە دەڵێن (قازان فرێدە سەرقاپی خۆی ئەدۆزێتەوە) ئەی لە بیرتان نیە ئەو کاندید ئێوە دوێنی بوو لە هەڵبژاردنەکانی ناو (ی. ن. ك) دەرنەچوو چونکە لە ئاستی متمانی خەڵکدا نەبوو دەستی بەسەر ئەو پاترۆڵەدا گرت و بۆ خۆی فرۆشتی و حەپەلوشی کرد کە هەر گوناحە سواری پاترۆڵیش بێت. ئێوە لە کاتێکدا سەرقاڵی ئەمەن دەبێ هەموو هەوڵ و ماندوبونێکتان بۆ خزمەتی ئەم شارە بێت نەك بۆ وێرانتر کردنی شارێکە کە هەرکەس بێتە ناوی بەزەیی پیا دێت دیارە مەبەستم خەڵکی خەمخۆر و دڵسۆزە نەك خەڵکی ئێوە ئاسا. بۆیە دەڵێم ئێوە وەك خۆتان هیچتان لە هەگبەدا نییە وەکو دیاری بە خەڵکی ئەم شارەی ببەخشن کەسانێکش مەهێنن ئەوەمدەی تر ئێوە و (ی. ن. ك) و حکومەتەش سووك و بێ قیمەت بکەن. وزیاتر لەبەر چاوی خەڵکتان بخەن کە کەوتوون. و کار بەو ووتەیە بکەن (کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو) . لێرەوە چەند رێنماییەکتان ئەکەم کە دڵنیام ئێوە بیرتان لێ نەکردووەتەوە و دەشزانم عزەتی نەفستان پێی قبوڵ نییە خەڵك رێنماییتان بکات چونکە خۆتان بە ئەفلاتۆن و سوکرات و هیگڵیش ناگۆرنەوە.

لەو رێنماییانەش:

سازکردنی کۆبونەوەی فراوان لەگەڵ دام و دەزگاکان و خەڵکی شار و وەرگرتنی رای گشتی لەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی بە هەمووومان بتوانین کەسێك دیاری بکەین ئیدارەی شارەکەمان بەرێوەبەرێت لە موعانات و کێشە و بێ ئاو و کارەبا و خزمەتگوزای یەکان بە ئاگابێت نەوەك کەسێك بێت لە (10) ی بەیانی بێتە کفری و لە (1) بگەرێتەوە هیچ خەمی نەبێت ئاو هەیە نیە کارەبا هەیە نیە خزمەتگوزاری دەکرێ یانا. !!!!! وکەسێك خەڵکی شار بێ و ئامادەبێتە لە وەخت و ناوەختدا گوی بۆ داواکانی خەڵك بگرێت نەوەك کەسێ بێت وا بزانی هەموو خەڵکی لای باوکی ئەو کاردەکەن. دواتر خۆتان پەشیمان دەبنەوە و داری پەشیمانیش بەر ناگری و دەبێ ئەوەش بزانن کە (جام پر یوو لێی ئەرژێ)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.